https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.10

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# جەدەلی کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا

## سەردەمی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان لە عێراق وەک نموونە

## (٣٣٤– ٤٤٧ک/٩٤٥- ١٠٥٥ز)

د. کامران عزیز عبدالله

زانکۆی کۆیە- فەکەڵتیی پەروەردە-بەشی مێژوو

Kamaran.aziz@koyauniversity.org

**پوختە:**

کورد وەک یەکێک لە نەتەوە ناسراوەکان بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لە بواری سیاسی بەشێوەی کەنارگیریی ماوەتەوە و هەر سەر بەناوەند بووە، بەو واتایەی ئەوی تر هەردەم هەژموونی بەسەر کورددا بووە، کورد دووربووە لە سەنترالیزم.

ئەم توێژینەوەیە قسە لە سەر ئەو فاکتەرانە دەکات، کە ڕێگربوونە لە بەردەم خەونی کورد لە بەسەنتەربوون لە دەڤەرەکە.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و دوو تەوەرە پێکدێت، دەروازەکە تایبەتە بە شیکردنەوەی چەمکی جەدەلی کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا. هەرچی تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکەیە لەسەر ئەو فاکتەرە ناوەکییانەی، کە بەربەست بوونە لە بەردەم دەرچوونی کورد لە کەنارگیری و گرفتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای کوردی دەدوێت. کە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار: پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورد و خێڵەکیبوونی، هەروەها متمانە بەخۆنەبوونی کورد. تەوەرەی دووەم تەواوکەری تەوەرەی یەکەمە، ئەوی تر ئەو دەرفەتەی کوردی قۆزتۆتەوە بۆ دەرخستنی هەژموونی خۆی کە تا سەر بە سەنتەر بمێنێتەوە. وێڕای ئەوەش چەند هۆکارێک هەن وەک هێزی سەربازی و هێزی ئاینی و هێزی فەرهەنگی، کە هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوەی کە هەمیشە ئەوی تر دەسەڵاتی ناوەندی بە دەستەوە بێت و خۆی وەک هێزی زاڵ پیشان بدات.

**وشە کلیلییەکان:** کورد، کەنار، ناوەند، بوەیهییەکان، هێز، سەدەکانی ناوەڕاست.

## جەدەلی کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا

## سەردەمی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان لە عێراق وەک نموونە

## (٣٣٤– ٤٤٧ک/٩٤٥- ١٠٥٥ز)

### پێشەکی

جەدەلی کەنار و سەنتەر یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی مێژووی کورد، لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست تا ئەمڕۆش کورد لەو فۆڕمە سیاسی و جوگرافییە چەق بەستووە ماوەتەوە و نەیتوانیوە خۆی لە گرێی کەنارگیری دەرباز بکات، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو بۆ ئەوەی بە دوای ئەو گرێیانەدا بگەڕێین، کە بەربەست بوونە لەبەردەم بەسەنتەرکردنی کورد و گەیشتن بەوەی کە ئەوانی تر پێیگەشتوون.

ئەگەرچی چواچێوەی توێژینەوەکە سەردەمی حوکمڕانی بوەیهییەکانە لە عێراق، بەڵام لە زۆر شوێندا باسی ڕووداوەکانی زەمەنی پێشووترمان کردووە، چونکە شوناسی کەنارگیری پڕۆسەیەکی کەڵەکەبووە و پەیوەست نییە بەیەک قۆناغ لە مێژووی کورددا، هەروەها فاکتەرەکانیش چ لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لەسەر ئاستی دەرەکی فاکتەری بۆماوەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین، تەنانەت هەندێ جار پەیوەندیی بەو لۆژیکە سیاسییەوە هەبووە کە کورد بەر لە هاتنی ئیسلام تێدا گوزەری کردووە، بۆیە لە هەندێ شوێن نموونەمان بە قۆناغی پێش بوەیهییەکان هێناوەتەوە، وەک بەرچاوڕوونی بۆ ئامادەیی و بەردەوامی کارلێکی زەمەنە جیاوازەکان.

سروشتی توێژینەوەکە وای خواستووە، کە دەروازەیەک و دوو تەوەرە لەخۆبگرێ، لە دەروازەدا ئاماژەمان بە شیکردنەوەی چیەتیی

جەدەلی کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا کردووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە کورد و کەنارگیری و گرفتە ناوخۆییەکان دەکەین، کە خۆی لە خێڵەکیبوونی کۆمەڵگەی کوردی و پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورد لەگەڵ متمانەبەخۆنەبوونی کورد دەبینێتەوە، لە تەوەرەی دووەمدا قسە لەسەر هێزی سەنتەر بۆ بەکەنارکەوتنی کورد دەکەین، کە پێکدێت لە هێزی سەربازی و هێزی ئاینی و هێزی فەرهەنگی، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو.

بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە زۆر سەرچاوە وەرگرتووە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر پەرتووکی (الكامل فی التاريخ)ە، کە هەرکاتێک باسی مێژووی کورد بکەین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم پەرتووکە کەلێنی گەورەمان بۆ دروستدەبێ، هەروەها سوودمان لە بیر و بۆچوونەکانی کۆمەڵناسی گەورەی عێراقی (علی وەردی) وەرگرتووە بەتایبەتی لە تێزی دکتۆراکەی بەناوی (شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ تیۆری ئیبن خلدون)، لێکۆڵینەوەیەکە لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفی، کە هەندێ لە شیکردنەوەی سروشت و پێکهاتەی تیۆرەکە کۆمەڵگەی کوردیش لەخۆدەگرێ.

**دەروازە: مەبەست لە کەنار و سەنتەر**

مەبەست لە کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا، واتە پەیوەندی و پەیوەستبوونی کورد و خاکەکەی بەو هێز و دەسەڵاتەی کە حوکمڕانی ناوچە کوردنشینەکانی کردووە و بە بەشێک لە خاکی خۆی زانیوە و کەوتۆتە چوارچێوەی جوگرافیی سیاسی ئەو هێزەی کە فەرمانڕەوایی لە ناوچەکەدا کردووە و تێیدا باڵادەست بووە، کە ئەمەش ڕەگێکی قووڵی لە مێژووی کورددا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی سوپای موسوڵمانان و

بەر لەوەی خاکی کورد ببێتە بەشێک لە پانتایی جوگرافیی خیلافەی ئیسلامی.

دوابەدوای هاتنی سوپای موسڵمانان بۆ ناوچە کوردییەکان لە شاری جەلەولاوە لە ساڵی (١٦ک/ ٦٣٧ز) لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خطاب)ەوە دەستپێدەکات تا کۆتا ناوچەی کوردنشین لە (دوین) لە ساڵی (٢٥ک/ ٦٤٥ز) لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان (ڕەزای خوایان لێبێت)، کە ماوەکەی کەمتر لە دە ساڵی خایەندووە، تەواوی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی خیلافەی ئیسلامی و زۆرینەی کورد تێیدا بوونە موسڵمان. (میرزا، ٢٠١٦: ٢٤-٢٥) جارێکی تر وڵاتی کورد لە بازنەی سەربەخۆبووندا خۆی نابینێتەوە، ئەگەرچی گۆڕانکاری لە شێوازی حوکمڕانی لە نەتەوەی سەردەستە دێتە ئاراوە، بەڵام کورد ناتوانێ لە کەنارەوە بچێتە سەنتەر و جێبەجێکاری بڕیارەکانی دەوڵەتی سەردەستە دەبێت، نەک خۆی بڕیاردەر و یاسادانەر بێت و هەر بە شوێنکەوتەیی دەمێنێتەوە، نەک شوێنی بکەون و ڕاسپاردەی لەسەر جێبەجێ دەکرێ، نابێت بە هێزی سەردەستە لە ناوچەکەدا، ئەم قسەیە بۆ تەواوی سەدەکانی ناوەڕاست و تا ئێستاش هەر ڕاستە کە کورد لەم کەنارگیرییە ڕزگاری نەبووە.

کاتێک دەوڵەتی عەباسیش دامەزرا لە ساڵی (١٣٢ک/ ٧٥٠ز)، (الدینوري، ٢٠٠١: ٥٣٦) بەهەمان ئاراستە کاردەکات بەرانبەر بە ناوچە کوردییەکان، بەغدا کە پایتەختی خیلافەی عەباسی بووە، وەک ناوەندی بڕیار ڕەفتاری کردووە، بە تایبەتی لە ڕووی هەژموونی سیاسی و ئاینی و ئابووری و کەلتورییەوە بەرانبەر هەرێمەکانی سەر بە ناوەند.

تەنانەت دوای دروستبوونی میرنشینە کوردییەکانیش لە سەدەی چوارەمی کۆچی و دەیەمی زاینی لە ماوەی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان

(٣٣٤- ٤٤٧ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ز) لە عێراق ئەم دیاردەیە هەر بەردەوام دەبێت و کورد لە کەناردا دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکارییەکانی سەنتەر ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر هەرێمە کەنارکەوتووەکان هەبووە، کاتێک بەغدا وەک ناوەندی بڕیار لاواز بووبێ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم هەرێم و ناوچانە هەبووە، کە سەر بە سەنتەر بوونە چ وەک بڕیاری سیاسی و هەژموونی بەڕێوەبردن و توانای ئیدارەدانی شار و ناوچەکان چ وەک جوگرافیای سیاسی و وابەستەیی بە بەغدا بەهۆی باڵادەستی سیاسییانەوە، بەردەوام هەرێمە کوردنشینەکانیان بە هی خۆیان زانیوە و کاریگەریی کارتێکراویان لەسەر نواندووە.

سەرەڕای ئەوەی، کە کوردستان لە ماوەی فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردییەکاندا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنی لۆکاڵییان هەبووە و جیاوازییەک بەدیدەکرێت لە سەربەخۆبووندا بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووتر، بەڵام بە هیچ شێوەیەک کورد نەیتوانیوە لە کەنارەوە بچێتە سەنتەر لە وابەستەبوونیدا خۆی دەرباز بکات و ببێت بە خۆی نەک لەوانی تردا خۆی ببینێتەوە، بۆ نموونە خوێندنەوەی وتاری هەینی بەناوی دەسەڵاتدارانی ناوەند، کە خۆی لە خەلیفەکانی عەباسی دەبینییەوە، هەروەها تۆمارکردنی ناویان هاوشانی ناوی میرە کوردییەکان لەسەر دراو و جێبەجێکردنی خواست و فەرمایشتەکانیان، لە بەرانبەردا خەلیفە نازناوی بە میرە کوردەکان دەبەخشی وەک پاداشتێک بۆ گوێڕایەڵیکردن و شوێنکەوتەبوونیان. (حسن،٢٠١١: ٧٧-٨٦) کە ئەمانە هەموو بەشێکن لە سیمای وابەستەبوون و مانەوە لە کەناردا.

هاوکات جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێ لە نێوان شێواز و جۆری فەرمانڕەوایی سەنتەر و هەرێمە کەنارکەوتووەکان بە شێوازێک ناوەند هێزی زاڵ و بڕیاربەدەست و جوڵێنەر و ئاراستەکەرە، هەرێمە کەنارییەکانیش جێبەجێکاری بڕیار و ئاراستەکراون، هەر ئەم مێژووەی

کوردە وای لە توێژەرێکی وەک (مارتین) کردووە، کە بڵێ (بە گشتی جیاوازییەک لە نێوان شێوازی حوکمڕانی مەڵبەند و هەرێمە کەنارکەوتووەکاندا لە ئارادایە سیمای دەسەڵاتدارییەکی وابەستەی ناڕاستەوخۆ لە هەرێمە کەنارکەوتووەکاندا زاڵە، کوردستان لەوەتەی هەیە هەتاکو ئێستاش هەمیشە هەرێمی کەنارکەوتەی ئەو دەوڵەتانەبووە، کە پێیانەوە جووت کراوە). (بڕوانە سن، ٢٠٠٣: ٢٠٧/١)

## تەوەرەی یەکەم: کورد و کەنارگیری و گرفتە ناوخۆییەکان

### یەکەم: خێڵەکیبوونی کورد

یەکێک لەو ئاستەنگانەی کە بە درێژایی مێژوو لەبەردەم پڕۆسەی سیاسیی کورد ئامادەیی هەبووە، بریتییە لە خێڵەکیبوونی کورد، کە دابەشکاریی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەمای خێڵ و هۆز و تیرە پێکهاتووە و بەردەوامی هەبووە لە حوکمڕانی، خێڵگەرایی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگێکی قووڵی داکوتاوە بە جۆرێک، کە باڵی بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا کێشاوە بەتایبەتی لە ماوەکانی سەدەی ناوەڕاستدا، کە کورد و خێڵەکی دوانەیەکی هاوتەریبن و لەیەک جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە لەسەرجەم کایەکانی ژیان و تەنانەت لە دونیای سیاسیشدا.

دەکرێ بپرسین بەشێکی زۆر لە گەلان و نەتەوەی تر هەمان پێکهاتەی خێڵایەتی لەخۆدەگرن، بۆچی کورد خێڵەکیبوونی بەربەست بووە لەبەردەم دەوڵەتسازی و گەیشتنی بە سەنترالیزم، بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە دەکرێت بڵێین کۆمەڵگەی کوردی بە پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتیی ئاساییدا تێنەپەڕیوە و دوای وەرگرتنی دەسەڵاتیش نەیتوانیوە قۆناغی خێڵگەرایی تێپەڕێنێ، واتە دەسەڵات لە خێزانێکەوە بە پاڵپشتی هۆزێکەوە گواستراوەتەوە تا گەیشتنی بە فەرمانڕەوایەتیی سنووردار لە فۆڕمی میرنشیندا. وەک ئەوەی لە سەردەمی بوەیهییەکان ڕوویدا، کە هەموو

میرنشینەکان هۆزێک ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی هەبووە، بۆیە دەبینین خێڵ و میرنشین لە کوردستاندا لە هەلومەرجی پارچە پارچەی هەمیشەیی وڵاتی کورداندا، وەکو شێوەیەکی ئالۆزی پێکهاتەی سیاسی خۆیان نواندووە و لە مێژووی هەر میرنشینێکی کوردیدا خێڵێک بەرچاودەکەوێت کە پشتگیری لە دامەزراندنی کردووە، بۆ نموونە میرنشینی هەزبانی لەلایەن هۆزی هەزبانییەوە دامەزرا (توفیق، ٢٠٠٧: ١٧٣-١٧٥)، هەروەها هۆزی بەرزیکانی میرنشینی حەسنەوەیهیی[1] دامەزراند (ڕۆژبەیانی، ١٩٩٦: ٥١)، بە هەمان شێوە هۆزی شازنجانی دامەزرێنەری میرنشینی عەنازی[2] بوون لە شاری حەلوان لە هەرێمی چیا (ابن خلدون، ٢٠١١: ١٨٤٧/٣) (اسماعیل، ٢٠٠٥: ٣٤٣)، لە کاتێکدا کوردەکانی هەرێمی جەزیرە لە هۆزەکانی حەمیدی و جاربختی توانیان میرنشینی مەڕوانی بنیادبنێن (الروذراوري، ٢٠٠٣: ٥٣/٦)، (الفارقي، ٢٠١٤: ٤٤٩)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کورد دوای دامەزراندنی قەوارەی سیاسیش نەیتوانی قۆناغی ژیانی خێڵایەتییان بەجێبهێڵن و کۆمەڵگەیەکی شارستانی دروست بکەن، بۆیە ژیانی سیستەمی خێڵایەتی بە هەموو خاسیەتەکانیەوە درێژە دەکێشێ، ئەمەش بەربەستی سەرەکی بوو لەبەردەم گەیشتنیان بە ناوەندی بڕیار و دامەزراندنی دەوڵەتێک لەسەر تەواوی خاکی کوردستان وەک (بیرمەندێک) دەڵێت: (یەکەمین هەنگاو و هەوڵدان بۆ بنیادنانی دەوڵەت بریتییە لە تێکشکاندنی بەند و بواری خێڵایەتی). (ئەنگلس، ب. س: ٢٠٧) لەسەر ئەو بنەمایە کورد بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تەنانەت دەتوانین بڵێین تا ئێستاش یەکەمین هەنگاوی نەهاویشتووە، کە بریتییە لە تێکشکاندنی عەقلیەتی خێڵگەرایی.

یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکییانەی، کە ڕێگرە لەبەردەم گەیشتنی کۆمەڵگەی خێڵەکی بە ئامانجەکانی ئەوەیە کە هەمیشە بڕیارەکان لەو سیستەمەدا بە شێوەیەکی هەرەمەکی دەبێت، واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە لوتکەوە بەرەو بنکە لە سەرۆک خێڵەوە بۆ ئەندامانی خێڵ، هەر بۆیە

ئەم جۆرە بڕیارانە هەمیشە لەبەردەم مەترسی گەورەدان، بەوەی کاتێک بڕیاری سەرۆک هەڵەبێت کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی خراپ دەبات، لە کاتێکدا خەڵکیش توانای گۆڕینی بڕیاری سەرۆکیان نییە، هەرچەندە ئەگەر پێشیان گونجاو نەبێت، ئەگەرچی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا زۆربەی جار خەڵک تەنیا ڕۆڵی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتەیی دەگێڕێ بەبێ ئەوەی دەستی هەبێ لە بڕیاری یەکلاکەرەوە و چارەنوسساز، هەموو ئەو شەڕ و بەریەککەوتنەی نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕی لەسەر دەسەڵات (ابن الأثیر، ٢٠٠٦، ٧: ٥٦٣-٥٦٥)، هەروەها شەڕی نێو بنەماڵەی هۆزی شازنجانی لەسەر دەسەڵات (ابن الجوزی، ٢٠٠٠: ١٥: ٣٠٦)، دەچێتە ئەو چوارچێوەیە و بەڵگەی ئەم ڕاستییەن، کە تەنیا سەران و کاربەدەستانی خێڵ بڕیاری بەرپاکردنی شەڕیان داوە و خەڵکیش سوتەمەنیی ئەم شەڕە بوونە.

هاوکات بە شیکردنەوە و سەرنجدان بۆ خەسڵەت و پێکهاتەی واقعیی خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردی، کە پێکهاتەیەکی بەرتەسک و سنووورداری هەیە، کە پڕە لە خۆویستی قبووڵنەکردنی بەرانبەر لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی نەتەوەیی و هاونیشتمانی یەکدەگرنەوە، بەڵام دژایەتی و دوژمنایەتیی یەکتر دەکەن لەسەر بنەمای خۆسەپاندن و فراوانخوازی و بەرفراوانکردنی سنووری جوگرافی لەسەر حسابی خێڵی بەرانبەر، بۆیە بەرجەستەکردنی عەقلیەتیی خێڵ لەناو کایە سیاسییەکان و بەردەوامبوونی لەناو سیستەمی میرنشین بەرەو ململانێی ناوخۆیی بردوون، لەبەرئەوەی هاوخێڵبوون جێگەی هاونیشتمانیبوون دەگرێتەوە و دواجار بەرەو دوژمنایەتیی نێوان خێڵەکان دەچێت. (عبدوڵڵا، ٢٠١٢: ١٢٧) ئەم دیاردانە لەناو میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان بەدیدەکرا، کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین.

یەکێکی تر لە گرفتە سەرەکییەکانی هۆزی کوردی، کە ڕۆژهەڵاتناسانیش قسەیان لەسەر کردووە، بریتی بوو لە کۆچەریبوون، لە ناوچەیەکەوە دەچوون بۆ ناوچەیەکی تر، بۆ نموونە هۆزی هەزبانی یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی کورد، کە کۆچەر و نیمچە کۆچەری بوون، بە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی وەسفیان کردوون (پۆلادیان، ٢٠٠٥: ١٤٣؛ ادموندز، ٢٠١٢: ٤٠)، بێگومان کاری سەرەکیی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی عەقلیەتی خێڵایەتی ئەوەبووە، کە کورد دوور بووە لە ژیانی شاری گەورە و شارنشین نەبوونە، بەڵکو هەر سەرقاڵی ژیانی لادێنشینی و ژیانی ناو چیا و کۆچەر بوونە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر مانەوەیان هەبووە لە ڕابردوو و نەکرانەوەیان بە ڕووی شارستانیەت و سەرقاڵ بوونیان بە ژیانی کشتوکاڵی و شوانکارەیی و پەیوەست بوونیان تەنیا بەو خاکەی کە لەسەری ژیاون و هەوڵی فراوانخوازییان نەداوە لە تەواوی نیشتمانی خۆیان و ویستی فراوانخوازییان نەبووە لە دەرەوەی کوردستان، هەر ئەمەش جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان هۆزی کورد و هۆزی نەتەوەکانی دیکەی وەک تورک و فارسە، کە ئەوان سنووری جوگرافیی خۆیان بەزاند تا گەیشتنە ناوەندی بڕیار. هاتنی بوەیهییەکان لە ساڵی (٣٣٤ک/ ٩٤٥ز) بۆ عێراق (مسکویة، ٢٠٠٣: ٢٧٥/٥) و دواتر گەیشتنی سەلجوقییەکان[٣] لە ساڵی (٤٤٧ک/ ١٠٥٥ز) بۆ بەغدا (الأصفهاني، ١٩٧٨: ١٢) لە نموونەی نەتەوە خێڵەکییەکانن.

هاوکات کورد سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی جوگرافییەوە لە بەغدا نزیکتربوون، بەڵام ئەو ڕەوایەتییەی بەخۆی نەداوە تا هەوڵی گەیشتن بە ناوەند بدات و لە دۆخی کەنارگیری ڕزگاری بێت، ئەگەرچی بەرهەڵستی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەبووە، بەڵام ئەمە تەنیا لە خانەی خۆپارێزییەکی سنووردار ماوەتەوە و نەچۆتە چوارچێوەی فراوانخوازییەوە تا ببێت بە ئەلتەرناتیڤی ئەوانی تر.

ئاشـکرایه خێڵـی کـوردی نـەیتوانیوە لـە نێـوان خۆیانـدا یـەکگرتن دروسـتبکەن و جۆرێـک لـە فیدراسـۆنی خێڵایـەتي پێکبهێـنن و دەوڵـەتی خێڵەکی لە مێژووی کورددا دروستبکهن وەک ئەوەی هۆزی غوزی تـورک کردیان، کە بنەچەی سەلجوقییەکان بۆ ئەم هـۆزە دەگەڕێتـەوە (ابـن الأثیـر، ٢٠٠٦: ٥/٨) لـە کاتێکـدا هـۆز و تیـرە کوردییـەکان وەک شـازنجانی و بەرزیکانی لە هەرێمی چیا بەردەوام سەرقاڵی دژایەتیکردنی یەکتری بوون (ابن خلـدون، ٢٠١١: ٣/ ١٨٤٧)، بـە هـەمان شـێوە هـۆزی حەکـەمی کوردی کـەوتبوونـە کێبڕکـێ لەگـەڵ هەزبانییـەکان بـۆ وەرگرتنـی حـوکمی هـەولێر (حسـین، ١٩٧٦: ٣٨)، هـەروەها شـەدادی و تیـرەی ڕەوادی کـە سـەر بـە هـۆزی هـەزبانی بـوون، ئەگـەرچی هاوسـنوور بـوون، بـەڵام هـیچ جـۆرە یەکگرتووییـەک لـە نێوانیانـدا بـەدیناکرێ، بـەڵکو بەپێچەوانـەوە نـاکۆکی و ناتـەباییان هـەبووە، (کسـروی، ١٣٨٥ش: ٢٠٧- ٢٠٨؛ النقشـبندي، ٢٠١٣: ١٤١) لە کۆمەڵگەی کوردیدا خێڵ لە دامـەزراوەی میرنشـین تێنەپـەڕیوە، لـە کاتێکـدا ئەگـەر میرنشـین بەراوردبکـەین بەدامـەزراوەی دەوڵـەت، دواکەوتووتر و بچووکتربووە لە دامەزراوەی دەوڵەت، بۆیە هەرگیز خێڵـی کـوردی لـە هەلومـەرجی پارچەپارچـەیی و بیرکردنـەوەی سـنووردار و پەیوەسـت بـوون بـە زەوی و زارەوە نـەیتوانیوە ئاسـۆی بیرکردنـەوە و کردارەکـانی سـنووری خێڵایـەتی تێپـەڕێنێ و لـە سـنووری بەرژەوەنـدیی خێڵـەوە نەڕوانێتـەوە پرسـە سیاسـییەکان و گۆشـەکانی نیشـتمان و بەرژەوەندیی گشتی لـە سـەرووی بەرژەوەنـدیی کەسـی و خێڵـەکی دابنـێ، ئەمەش وادەکات، کە ئامانجەکانی ئامـانجی بچـووک بن و بەهـەمان شـێوە دەستکەوتەکانیش دەستکەوتی بچووک دەبێت، لەسـەر بنـەمای ئـەم جـۆرە عەقڵیەتـە سەنترالیسـت بـوون بەدەسـتنایەت، بـەڵکو تـا ئـەم شـێوازە فۆڕمـە کۆمەڵایەتییـە گۆڕانکـاری بەسـەردانەیەت، مانـەوە لـە کـەناردا پێشـهاتێکی مسۆگەرە.

**دووەم: پەرتەوازەییی کورد**

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی کورد بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆش بریتییە لە پەرتەوازەیی و یەکنەگرتن و دژایەتیکردنی یەکتری و قبوڵنەکردنی ئەویتری هاوزمان و هاونەتەوەکەی و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی کەسی و ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندیی گشتی، ئەم دیاردانە بە بۆچوونی ئێمە کاریگەریی سەرەکیی هەبووە لەسەر ئەوەی کە کورد نەتوانێت ببێت بە هێزی دیار و کاریگەر لەسەر خاکی خۆی و پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات بە جۆرێک لە کەنارەوە بگات بە سەنترالیزم لە شوێنکەوتەوە ببێت بە پێشەنگ.

لە ڕاستیدا ئەم پەرتەوازییەی کورد ڕەهەندێکی قووڵی لە مێژوودا هەیە، واتە تایبەت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراو، لەبەرئەوە مێژوونووسان قسەی زۆریان لەسەر کردووە لە نێویشیاندا (شەرەفخان)، کە وەک ئاکارێکی ناپەسەند ناوزەندی کردووە و سەبارەت بە کورد لە پێشەکیی پەرتوکەکەیدا دەڵێت: (کەسیان سەر بۆ کەسیان ناچەمێنی و بۆ یەکتری نایەنە بەرکەمەند و هەر کەسە بیر لە سەربەرزیی خۆی دەکاتەوە، بە تێکڕایی بیر لە سەربڵندی تێکڕایی ناکەن و پشتی یەکتر ناگرن و نابنەیەک). (بدلیسی، ٢٠٠٦: ٢٥)

کاتێک سەیری مێژووی کورد دەکەین بەتایبەت ماوەی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان لە عێراق کە چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمەیە لەنێو ڕووداوەکاندا ئەم قسەیەی (شەرەفخان) بە ڕوونی بەرجەستە دەبێت و ڕاستیی وتەکانیمان بۆ دەردەکەوێ، ئەگەرچی خۆی لە سەردەمی عوسمانی ژیاوە و هاوسەردەمی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵام لەوە دەچێ زانیاریی لەسەر میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی هەبووبێ

وەک ئەوەی لە پەرتووکەکەی باسیکردووە (بدلیسی، ٢٠٠٦: ٢٩-٦٤)، کە پەرتەوازەیی یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی میرنشینە کوردییەکان.

لێرەدا لەسەر دوو ئاست ئاماژەیان پێدەکەین. یەکەمیان، ململانێکانیان لەسەر دەسەڵات لە ناوخۆی یەک میرنشیندا، دووەمیان پەرتەوازەیی و یەکنەبوون و دژایەتیی نێوان میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری، کە ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن و مامەڵەکردن لە نێوانیاندا هەردەم ڕێگربووە لەبەردەم گەیشتنی کورد بەسەنتەر و مانەوەیان لە کەناردا، بۆ نموونە لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە میرنشینی حسنەوەیهی بەرپابوونی کێشە و ململانێی نێوان میر بەدر و هیلالی کوڕی لەسەر دەسەڵات تا ئاستی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ و دەستگیرکردنی میر بەدری باوک لەلایەن هیلالەوە (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٥٦٤/٧). ئەمە وێنەیەکی دیاری ئاریشە ناوخۆییەکانمان پیشاندەدات، گومان لەوەدا نییە جگە لەوەی کە تەمەنی میرنشینەکەی کەمکردەوە و بواری فراوانخوازی و گەشەکردنی لەبەردەم داخستووە، چونکە هەردەم ناکۆکیی ناوخۆیی لەلایەن هێزی دەوروبەر بە دەرفەت وەردەگیرێ بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وەک ئەوەی کە بوەیهییەکان کردیان لەسەر بنەمای داواکاریی میر بەدر دوای ئازادکردنی ناوبراو و دەستگیرکردنی هیلالی کوڕی دەستیان بەسەر سەروەت و سامانێکی زۆردا گرت (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٥٦٥/٧)، بۆیە کورد لەبەر ناتەبایی ناوخۆیی نەپرژایە سەر ئەوەی کە جوگرافیای خۆیان ببەزێنن و دەسەڵاتیان فراوانبکەن و بگەن بە سەنترالیزم، بەڵکو ئەوە هێزی ناوەند بووە دەستی لەکاروباری ناوخۆی میرنشینەکان وەرداوە و لەبەرژەوەندیی خۆی بەکاریهێناون.

دەبینین مێژووی ناتەبایی و ناکۆکیی ناوخۆیی لە ئەدەبی کوردیش ڕەنگی داوەتەوە و شاعیرێکی وەک ئەحمەدی خانی لەم بارەیەوە دەڵێت:

هێنــدەی کە بەجەرگ و دووره ترســـن کەمتــر لە بەیەک گەیشـــتن دەپرسن

کـەس بۆکەسـێ نـابێ چـاو دەبــەربێ هەرکـەس دەیــەوێ زل و لەسەربێ

لەم سەرڕەقییە و دەماری زلیان بێگانە دەبن سواری ملیان

هەر خۆیەتی زل کەوە ڕەش و بۆر هەربۆیە بوونە هێزی خۆخۆر

کـوردیش کـە ببایــە یــەک دڵ و دەسـت دەسـتیان دەکـەوت ژیـانی سەربەست (خانی، ب. س: ٥).

مەسـەلەی شـەڕکردن لـەپێناو گەیشـتن بـە دەسـەڵات و هەوڵدان بـۆ پاوانکردنی حوکمڕانی لە فۆڕمە خێڵەکییەکەی نەخۆشـییەکی کوشـندەبوو، تــەواوی میرنشــینە کوردییــەکانی گرتبــۆوە بــە ڕێــژە و ئاســتی جیــاواز. شـــەدادییەکان[٤] لـــەم دیاردەیـــە بـــەدەر نـــەبوون میـــر (مـــەرزەبان) دوای وەرگرتنــی پۆســتی میرایــەتی لەلایــەن (فضــلون)ی بــرای ڕووبــەڕووی بەرهەڵستی بۆوە، تـا لـە دەرفەتێکدا دەیکوژێت و خـۆی دەبێت بـە میری شـەدادی (کسـروی، ١٣٨٥ش: ٢٦٩)، دیـارە کاتێـک دەسـەڵاتێک لـە نـاوخۆ ململانێی هەبێت، ئاسان نییە بتوانێت بە ئاراستەی بەسـەنتەربوون هـەنگاو بنێت و بەربەست لەبەردەم مەترسییە دەرەکییەکاندا دابنێت.

بەهــەمان شــێوە لە میرنشــینی هــەزبانی لــە هــەولێر ئــەم نــاکۆکی و ناتــەبایی و ئــارەزووی گرتنــە دەســتی دەســەڵات زۆر بەدی دەکــرێ. لــە ســـەرچاوە مێژووییەکانـــدا ئەوەنـــدەی بـــاس لـــە ململانـــێ ناوخۆییـــەکانی هـــەزبانی کـــراوە ئەوەنـــدە بـــاس لەلایـــەنی شارســـتانی و ئاوەدانکردنـــەوە نەکراوە. (الأربيلي، ١٩٩٣: ٩٩؛ ابن الاثير، ٢٠٠٦: ٥٤/٨) زۆربەی کـاتیش لـە ئـەنجامی کێشـمە کێشـمی نـاوخۆیی یـەکێک لـە لایەنـەکان پـەنای بـۆ هێـزی

دەرەکی بردووە بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوەکییەکان و گەیشتن بە دەسەڵات، تەنانەت هەندێ جار مەترسییە دەرەکییەکانیش لای کورد ڕێگرنەبوونە لەبەردەم ئاریشەکان وەک دەبینین لە میرنشینی عەنازی تا گەیشتنی هێزی بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەیان بەردەوام میرەکانیان و بنەماڵەی دەسەڵاتدار خەریکی شەڕ و یەکتر کوشتن بوون (ابن الاثیر، ٢٠٠٦: ٥٢/٨- ٥٣)، بۆیە دەتوانین بڵێین جەنگ لە دونیای دەسەڵاتی کوردیدا بۆتە خەسڵەتێ لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان و بە قووڵی بە هەناوی کۆمەڵگادا ڕۆچووە و ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و بەرجەستە بوونی ئەم خووە خراپە لە عەقڵیەتی کورددا بەردەوام ئامادەیی هەبووە، هەر ئەمەش وایکردووە نەتوانێ هەنگاوی گەورە بنێ بەرەو دەوڵەتداری و بەسەنتەربوون، هەروەک نەتەوەکانی دەوروبەر لە عەرەب و تورک و فارس.

لەسەر ئەم بنەمایە یەکێک لە مێژوونووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەم شێوەیە وەسفی کورد دەکات و دەڵێت: (کوردەکان خەڵکێکی زۆر و لە ژمارە نەهاتوون، لەبەرئەوەی ئاگری دووبەرەکی و ئاشووبیان لە نێواندایە، بۆیە هەر هەستانەوەیەکیان هەبێ دووبەرەکی دەیبڕێتەوە، ئەگەر وانەبووایە دەستیان بەسەر وڵاتاندا دەگرت و ناوچەکانی دەوروپشتیان دەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام دەستیان دەچێتە خوێنی یەکتریەوە، تەنیا یەک سەرکردەیان نییە و چاوی ئافرەتەکانیان بە فرمێسکی خوێناوییە). (ابن فضل الله العمري، ١٩٨٨: ٥٨)

واقیعی مێژووی کورد ڕاستیی ئەم وتانەمان بۆ دەسەلمێنێ و ڕوونی دەکاتەوە، کە ململانێ لەسەر دەسەڵات نەک تەنیا لە ناو خۆی میرنشینەکان بەدی دەکرێ، بەڵکو لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری ئەم ناتەباییە هەبووە، پەیوەندیی خراپی نێوان شەدادی و ڕەوادییەکان(٥) تا هاتنی هێزی بێگانە بۆ سەریان،

بەڵگەی ئەم ڕاستییەن (النقشبندي، ٢٠١٣: ١٣٢-١٣٣)، هەروەها پەیوەندیی خراپی نێوان میرنشینی حەسنەوەیهی و عەنازی تا ئەو ڕادەیەیی کە کۆتا میری حەسنەوەیهییەکان لەسەر دەستی عەنازییەکان دەکوژرێ (ابن الاثير، ٢٠٠٦: ٦٠٨/٧؛ ابن خلدون، ٢٠١١: ١٨٤٧/٣).

هەموو ئەم ڕووداوانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە کارێکی نەکردە و دژ بەیەکە، بوون بەسەنتەر و گەیشتن بە ناوەندی بڕیار لەگەڵ بەردەوامی جەنگ و ئاریشەی ناوخۆیی، پێچەوانەی یەکگرتوویی و سەقامگیریی ناوخۆییە، کە دەستکەوتی پێ فەراهەم دەکرێ.

## سێیەم: متمانە بەخۆنەبوونی کورد

کاتێک باس لە متمانە بەخۆنەبوونی کورد دەکەین، وەک گرێیەکی دەروونی، کە کاریگەریی تەواوی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و جووڵە و کردار و ڕەفتاری تاکی کورد کردووە، چ لەسەر ئاستی گشتی خەڵک یان لەسەر ئاستی میر و دەسەڵاتداران، بە شێوەیەک کە تێڕوانینیان بەرانبەر بەخود، تێڕوانینێکی نەرێنی بووە، بە تایبەتی لە کردەی سیاسی و گەیشتن بەوەی ئەوانی دیکە پێیگەیشتوون، لە کاتێکدا دەستکەوتی گەورە متمانە بەخۆبوونی تەواوی دەوێ و تەبایی گەورەی ناوخۆیی دەوێ، ئەمەش بوونی نەبووە لە ناوەندی سیاسی و حوکمڕانیی کوردی، کە خۆی لە میر و دارودەستەکەی دەبینێتەوە.

دەکرێ هۆکارەکانی متمانە نەبوونی کورد بە خود بۆ چەند لایەنێک بگەڕێتەوە لەسەرووی هەموویانەوە مێژووی ژێردەستەیی، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر زوو و بەر لە پڕۆسەی فتوحاتی ئیسلامی، کە ناوچە کوردنشینەکان لەژێر دەسەڵاتی ساسانی و بیزەنتی بوون، (عبدالواحد، ٢٠٠٧: ١٨- ٢١). دواتریش کە گۆڕانکاری لە هێزی سەردەستە دێتە ئاراوە، بەڵام کورد هەر بە ناسەربەخۆیی دەمێنێتەوە تا

ئێستاش، ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی دەروونی و شێوازی بیرکردنەوە و باوەڕبەخۆنەبوونی کردووە و وەهمێکی بۆ دروستکردووە کە دەرچوون تێیدا ئەستەم بێت و وایلێکردووە، کە ڕازی بێت بە مانەوەی لە کەنارگیری.

هۆکارێکی تر دەکرێ بڵێین نەبوونی سەرکردەیەکی گشتگیر، کە نوێنەرایەتیی خەڵک بکات بە گشتی نەک بە تەنیا نوێنەری هۆزێک و ناوچەیەک بێت، ئەمەش وایکردووە، کە کەسیان باوەڕیان بەوەی تر نەبێت هەریەکە بەتەنیا ئەسپی خۆی تاوبدات و دواجار سەربکێشێت بۆ لاوازی و متمانە بەخۆنەبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی دەرەکی، کە ئەمە بە ڕوونی لە مێژووی کورددا بەدیدەکرێ، بۆ نموونە سوڵتان (طغرلبک)ی سەلجوقی لە ساڵی (٤٤١ک/ ١٠٤٩ز) نێردراوێکی بۆ لای میر (نصرالدولە احمد)ی مەڕوانی نارد و داوای لێکرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە هەرێمی جەزیرە وتاری هەینی بە ناوی ئەو بخوێنێتەوە، میری مەڕوانی ڕازی بوو لەسەر داواکارییەکەی و دیارییەکی زۆریشی بۆ نارد. (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧٨/٨) بێگومان ئەمە متمانە بەخۆنەبوونی میری مەڕوانی دەگەیەنێ لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستیکردنی سەلجوقییەکان لە کاتێکدا هێشتا سەلجوقییەکان دوور بوون لە وڵاتی مەڕوانی و نەگەیشتبوونە عێراقیش، بۆیە ئەمە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ جگە لە متمانە نەبوونی میر لە پاراستنی میرنشینەکەی. دوور نییە ئەم متمانە نەبوونەی (نصرالدولە) لە بەرهەڵستیکردنی هێزی دەرەکی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ئەم میرە زۆر سەرقاڵی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن بووە، بەهۆی بوونی سێ سەد و شەست جاریە، کە هەر شەوە یەکێکیانی لابووە و لەگەڵی ڕابواردووە و سەمای بۆ کردووە، (الفارقی، ٢٠١٤: ٥٠١).

دیاره گرنگیدان بەم جۆره ڕابواردنانه دەبنه هۆی فەرامۆشکردنی کاروباری میرنشینەکە و نەمانی توانای شەڕکردن و ترسی لە دەستدانی دەسەڵات و ڕابواردنی شەوانه و تێکچوونی ئارامیی کەسی، ئەمانەش دەبێتە زاڵبوونی هەستی لاوازی و بڕوابوون بەوەی، کە ناتوانێ نیشتمان بپارێزێ، لە کاتێکدا ئەم میره هاوشێوەی هەموو میرەکانی تری کورد میرێکی لۆکاڵی و ناوچەیی بووه نەک هەموو کوردستان، کە خۆی لە خۆیدا لۆکاڵییبوون باوەڕبەخۆبوون کەم دەکاتەوه، چونکە هێز و توانای سنووردارە.

یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی کە کاریگەریی هەبووه لەسەر کەنارکەوتوویی کورد خۆبەکەمزانین و بچووککردنەوەی خود و گەورەکردنی ئەویتر و خۆ دۆزینەوه لەوانی تره، بۆ نموونه گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ سەر عەرەب، کە کورد خۆشی لاری نەبووه لەمەدا ئەم بیروباوەڕە لە نێو میللەتی کورد تەشەنەی کردووه و ڕەگی داکوتاوه وەک ڕاستییەکی ڕەها و بەڵگە نەویست، چەسپاوه لە مێژووی بنەماڵەی دەسەڵاتدارەکانی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا (توفیق، ٢٠١٤: ١٤٣-١٤٤)، ڕەنگە ئەمە بەهۆی تێکەڵیی هەندێ لە هۆزه عەرەبەکان و نیشتەجێبوونیان لە نیشتمانی کوردەوه بێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کاتێک هۆزێکی عەرەبی لەسەر خاکی کورد ژیاون بۆ دەبێت کورد خۆی بگەڕێنێتەوه سەر ئەم نەتەوەیە، بەپێچەوانەوه هۆزێک لەسەر خاکێک دەژی، کە هی خۆی نییە، ئەگەر خۆشی بۆ سەر نەتەوەی خاوەن خاک بگەڕاندبایەوه بەشێک بوو لە پرۆسەی جێکردنەوه، بۆیە خۆگێڕانەوەی کورد بۆ سەر ڕەگ و ڕیشەی عەرەب هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێ جگە لە خۆبەکەم سەیرکردن و گەورەکردنی ئەوانی دیکە، هەروەها بەشێکی تر پەیوەندی بە نەتەوەی سەردەسته و نەتەوەی ژێردەستەوه هەیە، کە عەرەب لەو ناوەندەدا خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو بوونه و کوردیش لە کەنارەوه حوکمی لەسەر کراوه،

جگەلەوەی هەندێ لە مێژوونووسانیش هەمان بۆچوونیان گێڕاوەتەوە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد. (المسعودی، ٢٠١٠: ١٨/٢-١٩)، (الخلیل، ٢٠١٥: ١١-١٧)

سەرەڕای ئەوانە دەبێت ئاماژە بە سیفەتێک بکەین، کە کوردی پێ ناسراوە ئەویش ئازایەتییە، کە بەهۆی ئەم سیفەتەوە ناوبانگی دەرکردووە (نیکتین، ٢٠١٢، ١٢؛ تومابوا، ٢٤/٢٠١٠)، بەڵام ئەمە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە دیدی (ابن خلدون) ئاساییە، چونکە ئەوانەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان کۆچەری و هۆزایەتییە، بەوە ناسراون ئازا و بەهێزن و دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و بەردەوام چەکیان پێیە و بوێری و ئازایەتی بۆتە بەشێک لە سروشتیان و کاتێک کەسێک پەنایان بۆ دەبات پەنای دەدەن (ابن خلدون، ٢٠٠٦: ٩٩-١٠٠).

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەگەر کورد ئەم هەموو ئازایەتییەی تێدا بەرجەستە بووە، ئەی بۆچی لەسەر ئەم بنەمایە نەیتوانیوە هەنگاوی کارا بنێ و گۆڕانکاری لە ڕەوشی سیاسی خۆی بهێنێتە ئاراوە و بارودۆخی لە کەنارەوە بگۆڕێ بۆ سەنتەر و ببێت بە ناوەندێکی بڕیار لە ناوچەکەدا، بۆیە بە تێڕوانینی ئێمە ئەو ئازایەتییەی کورد ئەوەندەی بۆ ململانێ ناوخۆییەکان بەکارهاتووە، ئەوەندە بۆ بەرهەڵستی هێزی دەرەکی بەکارنەهاتووە، کە لە زۆربەی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان ئەم ڕاستییە بەدیدەکەین وەک باسمانکرد، یاخود شوناسی ئازایەتیی کورد لە بابەتی ڕێگرییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاست پێی ناسرابوو (توفیق، ٢٠١٤: ٩٦-١١٢)، ئەمەش ناچێتە بابەتی زەمینەسازی بۆ بەسەنتەرکردنی کورد، لەبەرئەوەی هێرشکردنە سەر قافڵەیەکی بازرگانی، یان بۆسەدانانەوە هێرشی زۆرینەیە بۆسەر کەمینە لە پێناو دەسکەوتی

مادی یان تۆڵەیەکی خێڵەکیانەیە ئەمەش ناچێتە چوارچێوەی ئازایەتی و بڕوابەخۆبوون لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی گەورە، کە بەسەنتەربوونە.

**تەوەرەی دووەم: هێزی سەنتەر بۆ بەکەنارکردنی کورد**

**یەکەم: هێزی سەربازی**

هێزی سەربازی یەکێکە لەو فاکتەرە بەهێزانەی، کە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی گێڕاوە لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەدەی ناوەڕاست، لەبەرئەوەی هیچ دەوڵەت و میرنشین و دەسەڵاتێک سنووری یاسایی نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەبووە لە دەسەڵات و کیانە سیاسییەکان لەسەر بنەمای هاتنە پێشەوەی دەرفەت و هێزی سەربازی بنیادنراوە، بۆیە هەموو ئاڵوگۆڕییەکان لە ڕێگەی هێزەوە هاتۆتە ئاراوە، تەنانەت دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی بوەیهی بە پاڵپشتی هێزی لۆکاڵی و خێڵەکی سەریهەڵداوە بە سوود وەرگرتن لە لاوازیی دەسەڵاتی مەرکەزی و دواجاریش زۆربەی میرنشینەکان هەر لە ئەنجامی بەهێزیی دەسەڵاتی ناوەندەوە ڕووخاون، کە سەلجوقییەکان نوێنەرایەتی هێزی ناوەندییان دەکرد لەو سەردەمەدا، (عبدواللا، ٢٠١٢: ١٣٦-١٤٨).

کوردستان بەهۆی هەلومەرجی پارچە پارچەیی و دەسەڵاتی لۆکاڵی و ناوچەیی و ناوچەگەرییەوە، کە خۆی لە میرنشینی خێڵەکی دەبینییەوە هەمیشە لاواز دەرکەوتووە بەرانبەر بە ناوەند، بەهۆی نەبوونی کەسێکی کاریزما و دەسەڵاتێکی گشتگیر، کە توانای کۆکردنەوەی هێز و خێڵە جیاوازەکانی هەبێ و بتوانێ بەلایەنی کەم فەرمانڕەوایی زیاتر لە نیوەی ناوچە کوردنشینەکان بکات و خاوەنی هێزێکی تۆکمە بێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر مەترسییەکی دەرەکی.

دەبینین دەسەڵاتی ناوەند کە خۆی لە بوەیهییەکان دەبینییەوە، هەرکات میرنشینێکی کوردی لە بەردەم خۆی بە مەترسی دانابێ، ترسی لە تەشەنەکردنی پانتایی دەسەڵاتی هەبووبێ، هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە خواستەکانی خۆی بەدیبهێنێ وەک ئەوەی لە ساڵی (٣٥٩ک/ ٩٧٠ز) ڕوویدا، کە بوەیهییەکان سوپایەکی گەورە دەنێرنە سەر میرنشینی حسنەوەیهی بە مەبەستی فشار خستنە سەری دوابەدوای بەدیهێنانی خواستەکانیان و سەپاندنی مەرجەکانیان لەسەر میر حەسنەوی و کێشەکەیان بە ئاشتی چارەسەرکرد، کە بەپێی ڕێکەوتنەکە ئەم میرە بڕێکی زۆر پارە و دیاری پێدان تا لە بەرانبەردا مافی ئەوەی هەبێ باج و خەراجی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی وەربگرێ. (مسكويە، ٢٠٠٣: ٥/٣٧٣-٣٧٤؛ ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٧/٢٩١-٢٩٢).

کاتێک کە سەرنج لە دەقە مێژووییەکان دەدەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە هێزی سەربازی چ ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و هێشتنەوەی کورد لە کەناردا و سنووردارکردنی سنووری فەرمانڕەوایی، بە شێوەیەک تەنانەت لەسەر خاکی خۆی بە ڕێگەپێدانی هێزی ناوەند مافی کۆکردنەوەی باج و داهاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەبێ.

سەپاندنی هەژموون و ئیرادەی سیاسیی ناوەند لە مێژووی کورددا تەنیا حاڵەتێک نەبووە و تێپەڕێ و بەبێ دووبارە بوونەوە، ئێمە ماوەی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان لە عیراق وەک وێنەیەکی بچوککراوە لەنێو وێنە گەورەکەدا، تەنیا لە چەند دەقێکدا دەخەینەڕوو، بە مەبەستی هێنانەوەی بەڵگە لەسەر بەکارهێنانی لۆژیکی هێز لەلایەن مەرکەزەوە، ئەگەرنا جوولەی سەنتەر لەپێناو بەدیهێنان و سەپاندنی خواست و ویستەکانی بەردەوامیی هەبووە، تەنانەت لەم ماوەیەشدا ئەم دیاردەیە دووبارە بۆتەوە، بەتایبەت دوای مردنی میر حەسنەویە لە ساڵی (٣٦٩ک/ ٩٧٩ز)

دا، بوەیهییەکان هەڵدەکوتنە سەر میرنشینی حەسنەویهی و هەموو کوڕەکانی میری کۆچ کردوو دەکوژن و تەنیا بەدری کوڕی دەهێڵنەوە و دەیکەن بە میری فەرمانڕەوا (الروذراوری، ٢٠٠٣: ١٢/٦)،(ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٣٧٦/٧).

هەموو ئەو دەستێوەردانە لە کاروباری میرنشینەکان زیانی زۆری گەیاندە سامانی ماددی و مرۆیی ناوچە کوردنشینەکان، کە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان لە ڕێگەی هێزەوە لە بەرژەوەندیی ناوەند ئەنجامدراوە و تایبەتیش نەبووە بە یەک میرنشین، بەڵکو لە هەر هەرێم و شوێنێک کوردیان بە مەترسی زانیبێت لەسەر پێگەی ناوەند، بێ دوودڵی لۆژیکی هێزیان بەکارهێناوە، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتوش نەبووبن، وەک ئەوەی بەرانبەر میرنشینی مەروانی ئەنجامیاندا بە مەبەستی سنووردارکردنی دەسەڵاتی میر بادی کوردی لە ساڵی (٣٧٣ک/ ٩٨٣ز)دا بوەیهییەکان هێرشیان کردە سەر هەرێمی جەزیرە و تێیدا شکستیان خوارد (الروذراوري، ٢٠٠٦: ٥٤/٦؛ ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٤٢)، بەڵام ناوەند لە بەکارهێنانی هێز بەردەوام دەبێ و دەستبەرداری بیرۆکەی سنووردارکردنی سنووری ئەم میرە کوردە نابن، بۆیە بەردەوامی دەدەن بە هێرش کردن تا لە ساڵی دواتر سەرکەوتوو دەبن (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٤٠٥).

لێرەدا ململانێ لە نێوان هێز و مافدایە، لۆژیکی هێز سەردەکەوێ و لۆژیکی هەق شکست دەخوا بەبێ بوونی هێز، ئەگەرچی هەق و ڕەوایەتیت هەبێ و لەسەر خاکی خۆت فەرمانڕوایی بکەی، بەڵام هێزی کارات نەبێ بۆ سەرخستنی هەق هەمیشە لە کەناردا دەمێنیتەوە و بێ دەوڵەتی شوناست دەبێ، بۆ بنیادنانی هێزیش دەبێ هەموو بەربەستەکانی پەرتەوازەیی و خێڵگەرایی و باوەڕبەخۆنەبوون تێپەڕێنی، ئەمەش بە کەسێکی کاریزما دەکرێ، کە لە هەلومەرجی دەرکەوتەی دەرفەتەکاندا

ئامادەیی نەبووە تا ئەو بەربەستانە تێکبشکێنێ و لەژێر چەتری یەکبووندا هەموو خێڵە جیاوازەکان کۆبکاتەوە.

میرنشینی عەنازی هاوشێوەی ئەوانی تر بەدەرنەبووە لە مەترسیی هێرشکاریی ناوەند، ئەوەتە لە ساڵی (٤٠١ک/ ١٠١٠ز) دا لە بەغدا هێرشی دەکرێتە سەر، میر (ابوالشوک کوڕی ابوالفتح محمد)ی عەنازی، کە تازە دەسەڵاتی گرتبووە دەست دوای مردنی باوکی بەمەبەستی ملکەچ پێکردنی، ڕووبەڕووی بوونەوە و شکستیان پێهێنا (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٥٧٤/٧).

کاتێک گۆڕانکاریی هێز لە ناوەند دێتە ئاراوە و سەلجوقییەکان دەبن بە ئەلتەرناتیڤی بوەیهییەکان لە ناوچەکەدا و هیچ گۆڕانکارییەک بە ئاراستەیەکی باشتر لە ڕەوشی هەرێمە کوردییەکان نایەتە ئاراوە، تەنیا جێگۆڕکێی هێزەکان بەدیدەکرێ و بە هەمان دیدگا ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە و تەنانەت بەرلەوەی بگەن بە ناوەندی بڕیار لە بەغدا چەندین جار هێرش دەکەنە سەر میرنشینە کوردییەکان لە نێوانیشیاندا عەنازییەکان (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٥٢/٨-٥٣، ٦٠؛ النقشبەندی، ٢٠٠٨: ٣٩٩).

هەموو ئەو نموونە و ڕووداوانەی کە یاداشتمان کردن و خستمانەڕوو چەند دەقێکی بچووکە لە پانتایی مێژووی کورددا، کە تێیدا هێز بەکارهاتووە بە مەبەستی هێشتنەوەی کورد لە کەنار، هێنانەوەی ئەم نموونانەش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان لە عیراق تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە هێز چ ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەکردنی ڕووداوەکان کە بۆ هەموو سەردەمەکان ئەمە ڕاستە، لۆژیکی هێز ڕۆڵی باڵای هەیە لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان بەتایبەتی لە پرسی دەوڵەتداریدا. هەر لەم بارەیەوە (علی وردی) ئاماژە بە وتەی زانایەکی بواری کۆمەڵناسی ئەمریکی بەناوی (ولیام گراهام سنەر)

(١٨٤٠ –١٩١٠) دەکات و دەڵێت: ((دەوڵەت بریتییە لە بەروبوومی هێز، بەهێزیشەوە دروست دەبێت)). ( وردی، ٢٠١٩: ٩٢) کەواتە کورد ئەو بەروبوومەی نەبووە تا دەوڵەتی پێ دروست بکات، بۆیە بەهۆی بێهێزییەوە لە پەراوێزدا ماوەتەوە.

**دووەم: هێزی ئاینی**

گومانی تێدا نییە ئاین یەکێکە لە فاکتەرە بنچینەییەکان و پاڵنەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ بە گشتی و ئاراستەکردنی بە شێوەیەکی هەمە چەشن، لەنێو ئاینیشدا ئێمە قسەمان لەسەر ئیسلامە، لەبەرئەوەی شوناسی کەنار و سەنتەر هەردووکیان ئیسلام بوون، کە دەستپێک و ئاشنایی کوردی کەنارکەوتوو بۆ ئەم ئاینە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی (١٦ک/ ٦٣٧ز) کاتێک کوردستان بە فەرمی بوو بە بەشێک لە چوارچێوەی خیلافەت، وەک پێشتر باسمانکرد. دوای ئەم قۆناغە وەرچەرخانی ئاینی لەنێو کورددا لە زەردەشتەوە بۆ ئیسلامگەرایی دێتە ئاراوە و ئەم بیروباوەڕە بە ئاسانی جێگەی خۆی دەکاتەوە هەنگاوبەهەنگاو دەبێتە بەشێک لە شێوازی بیرکردنەوەی کوردانە بەتایبەتی ئەو سەردەمەی، کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە لەدوای سییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی و دەیەم تا یانزەمی زاینی، کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بیروباوەڕی ئیسلام بوون، ئەگەرچی بە بڕوای ئێمە کورد تێگەیشتنی قووڵی نەبووە بەرانبەر بە ئاین لەسەر ئاستی گشتی هەروەکو نەتەوەکانی تریش نەیان بووە، دەتوانین بڵێین ئیسلامیی کورد ئیسلامێکی خێڵەکی بووە پتر لەوەی ئیسلامناسی بێت، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە بژاردەکەیان بژاردەیەکی دروست نەبێت، بەڵکو بەر لە گەیشتنی سوپای موسڵمانان بۆ ناوچە کوردنشینەکان کورد چەوساوەتر زەرەرمەندتر

بوون لە ڕووی مادی و مرۆییەوە لەژێر سایەی حوکمڕانی ساسانی و بیزەنتینی.

لەڕاستیدا زانیاریی ورد لەسەر چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەنێو کورددا نییە، بەڵام ئەمە ڕاستییە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، کە مۆرکی ئاینی هەبێت و خاوەنی هەر بیرکردنەوەیەکی ئاینی بێت بە ئاسانی دەتوانێ بیروباوەڕی خۆی بڵاوبکاتەوە لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتدارە تێیدا.

هاوکات مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت، کە بڵاوبوونەوەی ئاین و بیروباوەڕ لە دابونەریتی خێڵەکیدا پتر پەیوەستە بە سەرۆک و دەستەوە، هەروەک یەکێک لە کۆمەڵناسە دیارەکان لەسەر ئەم پرسە دەڵێت: (لە کۆمەڵگەی ئاینیدا ئاین مەسەلەیەکی شەخسی نییە کە لەسەر بنچینەی ئارەزووی کەسی و مەیلی هزری پرۆسە بکرێت عادەتی خێڵەکان جا لەهەر نەتەوەیەک بێت باوەڕهێنانیان بە ئاینێکی نوێ لەوەیەوە دێت کاتێک گروپێک یان سەرۆک خێڵ بانگەشەی بۆ دەکات و باوەڕی پێدەهێنێ نەک لەسەر ئاستی تاکەکەسی، دەتوانین بڵێین باوەڕهێنان بە ئاین بە شێوەیەکی تاکەکەسی نەبووە، بەڵکو جەماعی بووە، ئەم مەسەلەیە بۆ سەرکردەی خێڵ، یان بۆ ئەنجومەنی خێڵ جێدەهێڵن تا بڕیار بدەن ئاخۆ باوەڕ بەم ئاینە بهێنن یان نا. دەشێت سەرکردەی خێڵ ئەم بابەتە یەکلاییبکاتەوە هەروەک چۆن شەڕی خێڵەکانی تر یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەر کە خێڵ چووە ناو ئاینێکی نوێوە ئیتر دابونەریتەکانی خۆی بگۆڕێت، چونکە باوەڕهێنان بە ئاینێکی نوێ تەنیا خوداوەندەکەی دەگۆڕێت، هاوکات سیستەمی بەهاکانی خێڵ هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە) (وەردی ٢٠١٩: ١٤١).

کۆمەڵگەی کوردیش لەمە بەدەر نییە دوای موسڵمان بوونی ئاینەکەی گۆڕا، بەڵام بەها کۆمەڵایەتییەکانی لە بیرکردنەوەی ئاینیانەی وەک خۆی مایەوە لە فۆڕمە خێڵەکییەکەی و تێفکرینی قوڵیان نەبوو لە جەوهەری ئاینی بەو مانایەی کە ستەم هەر ستەمە لەهەر بەرگێکدا بێت، بۆیە ناوەند بە ئاسانی هێزی ئاینی بەکاردەهێنا بەرانبەر بە کەنار بۆ تێنەپەڕاندنی کەنارگیرییەکەی و هێشتنەوەی لە هەلومەرجی گوێڕایەڵیدا، ئەمەش پتر لە ڕێگەی میر و سەرۆک خێڵەکانەوە ئەم کارەی کردووە، بە واتای گوێڕایەڵی خێڵ و دواجاریش کۆمەڵگە بە تێکڕا، بە نموونە بەخشینی نازناوی ئاینی لەلایەن ناوەندەوە بە میرە کوردەکان دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە و لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی و پەیوەستبوونەوە وەک دانپێدانانێک خەلیفە (القادر باالله) نازناوی (أبونجم ناصرالدين والدولة)ی بە میر بەدری کوڕی حسنەوەی بەخشی (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٥٠١/٧؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣: ١١٠/١٨)، کە خۆی لە خۆیدا چەمکی بەخشین چەمکێکی لاتەریب و ناهاوسەنگە لە نێوان سەر و خوار و بەهێز و بێهێز بەکاردێت، بەو مانایەی ناوەند وەک هێزی زاڵ و باڵا نازناو و پلە دەبەخشێت بەو میرانەی کە گوێڕایەڵی سەنتەرن.

لە کاتێکدا خەلیفەکانی عەباسی لەسەردەمی فەرمانڕەوای بوەیهییەکان لە عێراق جگە لە دەسەڵاتی ڕوحی و ئاینی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازییان نەبوو، بۆیە هێزی ئاینیان بەکارهێناوە لە بەرژەوەندیی ناوەند و هێشتنەوەی ناوەند وەک مەرجەعی باڵا. کەواتە هێزی ئاینی، کە لەلایەن خەلیفەکانی عەباسیدا بەکاردەهات پاڵپشتی هێزی بوەیهییەکان بووە و پەیوەندییەکی تەواوکارییان هەبوو لە پێناو هێشتنەوەی سەنتەر لە لۆژیکی باڵا و ناوچە کوردییەکانیش لە پەراوێزی ڕووداوەکان و مانەوەیان لە کەناردا.

هاوکـات بەخشـینی نازنـاو بـە میـر (ممهـد الدولـة سـەعید کـوڕی مـەروان)و میر (نصرالدولة احمد کوڕی مـەروان) لـە میرنشینی مـەروانی (الفـــارقی، ٢٠١٤: ٤٧٦؛ توفیـــق، ٢٠١٠: ٢٠٦). هـــەمان بەخشـــین و وابەستەبوونە بە ناوەندەوە، ڕەنگە ئەمەیان جیاوازییەکەی لەوەدا بێت، کە بوەیهییـەکان تـەنیا بـە هێـزی سـەربازی بەرانبـەر بـە میرەکـانی مـەروانی سـەرکەوتوو نـەبووبن، بـەڵکو سـوودیان لـە هێـزی ئـاینی و ڕوحـی خەلیفـەکانی عەباسـی وەرگرتبێـت بـۆ بەردەوامیـدان بەڕایەڵـەی کـەنار و سەنتەر.

### سێیەم: هێزی فەرهەنگی

مەبەست لە هێزی فەرهەنگی هێزی بیرکردنەوە و کلتوور و نووسین و مێـژووی هێـزی سـەردەسـتە و بەکارهێنانیـان لە پێنـاو درێـژە پێدان بە سنتراڵیزم، بەمانایەکی تر وێناکردنی کورد لـە دەرەوەی ویستی خۆی و تێڕوانینی ئەوانی تر بۆ کورد، کە لـەنێو دەقـەکانی مێژوودا بـە ڕوونـی بـە کـەم سـەیرکردنی کوردمـان بـەرچاو دەکـەوێت، بۆیـە هێـزی فەرهـەنگی یەکێکی تر بووە لەو هۆکارانەی کە تاڕادەیەک کاریگەریی هـەبووە لەسـەر مانەوەی کورد لـە کـەناردا، ئەگـەرچی بـە بـەراورد لەگـەڵ هۆکارەکـانی تـر ئەمەیان کەمتر جێکەوتەی هەیە، بەڵام بێ کاریگەریش نەبووە.

لێرەدا دەکرێت بەهێزی فەرهەنگی ئەوان و بێهێزی فەرهەنگیی کورد بـۆ دوو لایـەن بگەڕێنینـەوە، کـە بەشـێکیان پەیوەسـتە بـە کـورد خـۆی، بەشـەکەی تـریش پەیوەنـدی بـە هێـزی سـەردەسـتەوە هەیـە، کـە بـە هـۆی پاشخانە مێژووییەکـەی و بـاڵا دەسـەڵاتی سیاسییەوە هێزێکی فەرهـەنگیی کـارای هـەبووە هاوشـانی هێزەکـانی تـر کـە دەتـوانین بـە تەواوکـەری هێزەکانی تری دابنێین.

ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە بریتییە لە ونبوونی کورد لە ڕووداوەکانی سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی/ حەفتەم و هەشتەمی زاینی بە شێوەیەک، کە لەگەڵ بوونیدا لە گۆڕەپانی سیاسی ونبووە، دواتر لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زاینی کورد دەردەکەوێ، بەڵام بە هێزێکی ناکارا لە چوارچێوەی ئەوانی تر، وەک بوونی لەنێو بزوتنەوەی بابەکی خوڕەمی[٦]. (یعقوبی، ٢٠١٠: ٢/ ٤٣٣) و لەگەڵ چەند جموجۆڵێکی لاوازی دیکەی کاتی.

لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم و یازدەمی زاینیدا، کورد دەرکەوتەیەکی باشی دەبێت لە مێژوودا وەک نەتەوەیەکی کارا تاڕادەیەکی زۆر ونبوونی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە کارەکتەرێکی سیاسی لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵی و ناوچەیی، کە خۆی لە فۆرمی میرنشین دەبینێتەوە، بەڵام ئەم ونبوون و خۆ دۆزینەوەیە لە شێوەی میرنشینی خێڵەکی سنووردار و تێکەڵ نەبوونی بە شاری گەورە، کاریگەریی زۆری لەسەر لاوازیی هێزی فەرهەنگی کردووە بە جۆرێک کە قسەکەر و مێژوونووس و تۆمارە مێژووییەکانیش لە دەرەوەی خۆی بووە، خەڵکانی کورد نەبوونە، بۆیە هەندێ جار بە بیرکردنەوەیەکی نەک تەنیا نا کوردانە، بەڵکو بە شێوەیەکی نا مرۆڤانەش وێناکراوە (المسعودي، ٢٠١٠: ١٩/٢؛ ابن فضل الله العمري، ١٩٧١: ٢٠٢/٣).

لە بەرانبەردا ناوەند فەرهەنگێکی بەهێزی هەبووە بە بەراورد بە کەنار، کە بەم هێزە فەرهەنگییەوە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی سەنتەری پێکردووە، کە زمانی نووسین و زمانی مێژوو و زمانی بیرکردنەوەش هاوزمانی سەنترالیزم بووە، بۆیە هەندێ جار لەو نێوەندەدا هەوڵی شێواندنی بنەچە و ڕەچەڵەکی کوردیش دراوە و گەڕێندراوەتەوە بۆ نەتەوەی سەردەستە. (الجواليقي، ١٩٩٠: ٥٤٢؛ المقريزي، ١٩٩٧: ١٠١/١)، کە بەهۆی بەهێزیی فەرهەنگی ناوەند و لاوازیی فەرهەنگی کەنار،

کوردیش ئەمەی قبوڵ بووە. (المسعودي، ٢٠١٠: ٢/ ١٨-١٩)، (لەشکری، ٢٠٠٩: ١٠٣).

**ئەنجامەکان:**

١- یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی نەگەیشتنی کورد بە سنترالیزم بریتییە لە گرفتی ناوخۆیی، کە خۆی لە قبووڵ نەکردنی ئەویتری کورد دەبینێتەوە و بووەتە هۆی پەرتەوازەییی نێو ماڵی کورد، بەمەش دەسەڵاتی ناوەند بە ئاسانی توانیویەتی سوود لەم بۆشاییە وەربگرێ و ویستەکانی خۆی بەدیبهێنێ، ئەمەش بە هێشتنەوەی کورد لە کەنارگیریدا.

٢- خۆ بەکەمزانین گرفتێکی گەورەی دەروونییە، کە لەنێو کورددا بەدیدەکرێت بەرانبەر بە ئەویتری نا کوردی، کە ئەمە بەشێکی پەیوەندی بە پێشینەی مێژووی ژێر دەستەییەوە هەیە، بەڵام دەرباز نەبوون لەم گرفتە دەروونییە و مافپێدان بە لایەنی دیکەی ناکوردی وەک هێزی سەردەستە و فەرمانڕەوا ئەمەیان مانەوەی لە کەنارگیری مسۆگەرکردووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا بوونی کورد وەک کیانی سیاسی و باڵادەستی تا ئەو شوێنە دەڕوات، کە پەیوەندیی بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە هەیە، بە کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ناوەند بوونی سیاسییانەی کوردیش کۆتایی پێدێت.

٣- تێنەپەڕاندنی سروشتی خێڵەکی لەنێو کایەی سیاسی بەربەستێکی گەورە بووە لەبەردەم گەیشتن بەوەی کە ئەوانی تری ناوەند پێیگەیشتوون، مانەوە لە چوارچێوەی خێڵ بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندییەکی سنوورداری بەرتەسک و پەیوەستبوونە بە زەوییەکی دیاریکراو، کە دواجار ئەمانە ڕۆڵیان هەبووە لە دروستنەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمای گشتی، کە سنووری خێڵ ببەزێنێ و ببێت بە موڵکی گشتی و لە ویوە کورد بگەیەنێتە سەنترالیزم.

٤- هێزی سەربازی هەمیشە لە هەموو سەردەم و کاتێک ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و بەدیهێنانی خواستە سیاسییەکان، بۆیە ناوەند لە ڕێگەی هێزی بوەیهییەکانەوە بەسەنتەربوونی خۆی پاراستوە و کوردیش لەبەر سروشتی پارچە پارچەیی نەیتوانیوە هاوشێوەی ناوەند خاوەنی هێز بێت، تاوەکو ببێت بە ناوەندێکی تر بەلایەنی کەم لەسەر خاکی خۆی.

٥- هێزی ئاینی و فەرهەنگی دوو جەمسەری تری تەواوکاری هێزی سەربازی بوون بە دەست ناوەندەوە، کە لەم ڕێگەیەوە پارێزگاری لە بەسەنتەربوونی خۆی دەکرد، کوردیش وەک هەندێ لە نەتەوەکانی تر نەیتوانی سوود لە ئاین وەربگرێ وەک ئەوەی کە تورک سوودی لێوەرگرت بەمەبەستی گەیشتن بە سەنتڕالیزم.

**پەراوێزەکان:**

١ - میرنشینی حسنەوەیهی: یەکێکە لە میرنشینە کوردییەکان، کە لەلایەن میر حسنویە کوڕی حسین لە ساڵی (٣٤٨ک/٩٥٩ز) لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا دامەزرا و لە ساڵی (٤٠٦ک/١٠١٥ز) کۆتایی هات. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم میرنشینە بڕوانە: (نەقشبەندی،٢٠٠٨: ٢٢١-٢٧٨؛ إسماعيل،٢٠٠٥ :١٣٣ – ٢١٩).

٢ - میرنشینی عەنازی: لە شاری حەلوان لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لە ساڵی (٣٨١ک/ ٩٩١ز) دامەزرا لەلایەن (ابو الفتح محمد کوڕی عناز)، کە سەر بە هۆزی شازنجانی کوردی بوو، لە ساڵی (٥١١ک/١١١٧ز)دا دەسەڵاتی میرنشینەکە کۆتایی هات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (نەقشبەندی،٢٠٠٨: ٣١٣-٣٦٤؛ إسماعيل، ٢٠٠٥ : ٣٣١ – ٤٢٤).

٣- سەلجوقییەکان: لقێک بوون لە هۆزی غوزی تورکی، ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ باپیرەیان (سلجوق کوڕی دقاق)، کە وڵاتی تورکستان شوێنی نیشتەجێبوونیان بوو، دواتر بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هاتن و لە ساڵی (٤٤٧ک/ ١٠٥٥ز)دا هاتنە بەغدا و کۆتاییان بە دەسەڵاتی بوەیهییەکان هێنا لە عێراق. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ابن النظام الحسيني، ٢٠١١: ٢٩-٥٥؛ أمين، ١٩٦٥: ٥٧-٥٨).

٤- شەدادییەکان: میرنشینێکی کوردی بوون لە هەرێمی ئاران، کە دەکەوێتە نێوان ئازەربیجان و ئەرمینیا لە ساڵی (٣٤٠ک/ ٩٥١ز) دامەزرا لەلایەن (محمد کوڕی شداد) و لە ساڵی (٤٦٨ک/١٠٧٥ز) لە لایەن تورکە سەلجوقییەکانەوە لەنێوبران. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم میرنشینە بڕوانە: (مینورسکی، ١٣٧٥ش: ١١-٩٧؛ رسول، ٢٠٠١: ٦٩-٧٤).

٥- میرنشینی ڕەوادی: یەکێکە لە میرنشینە کوردییەکان لە هەرێمی ئازەربیجان لەلایەن میر (محمد کوڕی حسین)ی ڕەوادی لە ساڵی (٣٤٣ک/٩٥٤ز) دامەزرا و لە ساڵی (٤٦٣ک/١٠٧٠ز) کۆتایی پێهات لەسەر دەستی سەلجوقییەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (النقشبندی، ٢٠١٣: ١١١-١٥٠).

٦- بزوتنەوەی بابەکی خوڕەمی: ئەو بزافە بوو لە شاری (البذ) لە هەرێمی ئازەربیجان سەریهەڵدا لە ساڵی (٢٠١ک/ ٨١٦ز)دا، دژی خیلافەی عەباسی لە سەردەمی خەلیفە (مأمون) بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی خایاند و لە ساڵی (٢٢٣ک/ ٨٣٨ز)، لە سەردەمی خەلیفە (معتصم) لەنێوبرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (الطبري، د.ت: ٥/ ٢٣٣- ٢٦١).

## سەرچاوەکانی توێژینەوە (المصادر)


- ابـن الأثيـر: عزالـدين أبوالحسـن علـي بـن أبـي الكـرم محمـد الجـزري. (ت٦٣٠هـ/١٢٣٣م) الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت : ٢٠٠٦.

- الأربيلي، ابن محمد الهذباني. (ت ٧٠٠هـ/١٣٠١م)، تاريخ ابن أبي الهيجاء، تحقيق و دراسة: صبحي عبد المنعم محمد، د.م: ١٩٩٣.

- الاصفهاني: عماالدين محمد بن حامد. (ت ٥٩٧هـ/١٢٠٠م)، تاريخ دولة ال سلجوق، اختصار، البنداري، الفتح بن علي بن محمد الأصفهانى. (ت ٦٤٣هـ/١٢٤٥م) الطبعة الثانية، دار الأفاق الجديدة، بيروت ١٩٧٨.

- الجواليقي: أبو منصور موهب بن أحمد بن محمد بن الخضر(ت ٥٤٠ ه / ١١٤٥م )، المعرب من الكلام الأعجمي على حروف المعجم، تحقيق ف.عبدالرحيم، دار القلم، دمشق ١٩٩٠

- ابـن الجـوزي، جمـال الـدين أبـو الفـرج عبـدالرحمن بـن علـي. (ت ٥٩٧هــ/ ١٢٠٢م)، المنـتظم فـي تـاريخ الملـوك و الأمـم، دراسـة و تحقيـق: محمـد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت ٢٠٠٠.

- ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون. (ت ٨٠٨هـ/١٤٠٥م) مقدمة ابن خلدون، دار الكتب العلمية، ط٧، بيروت ٢٠٠٦.

- ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون. (ت ٨٠٨هـ/١٤٠٥م). تاريخ ابن خلدون المسمى (العبر و ديوان المبتدأ والخبر) دار ابن حزم، بيروت ٢٠١١.

- الـدينوري: أبـو حنيفـة أحمـد بـن داود (ت ٢٨٢هــ/٨٩٥م).الأخبـار الطـوال، تحقيق: عصام محمد الحاج علي، دار الكتب العلمية، بيروت ٢٠٠١.

- الروذراوري، أبو شجاع محمد بن الحسين بن عبدالله(ت ٤٨٨هـ/١٠٩٥م). ذيل تجارب الأمم، دار الكتب العلمية، بيروت ٢٠٠٣.

- سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابو المظفر يوسف بن قزاوغلي بن عبدالله البغدادي. (ت ٥٤هـ/١٢٥٦م). مرأة الزمان في تاريخ الاعيان، حوادث (٣٧٣-٤٤٨ هـ)، حققه و علق عليه: محمد انس الحسن و كامل محمد، دار الرسالة العالمية، بيروت 2013.

- الطبـري، ابـي جعفـر محمـد بـن جريـر. (ت ٣١٠هــ/٩٢٢م). تـاريخ الأمـم و الملوک، تحقيق: مصطفى سيد، طارق سالم، المكتبة التوفيقية، القاهرة (د. ت).

- الفارقي: احمد بن يوسف بن علي بن الأزرق (ت بعد ٥٧٧هـ/١١٨١م)،تاريخ الفارقى الدولة المروانية، تحقيق و دراسه: كريم فاروق الخولى و يوسف بالوكن، نوبهار، ب.م٢٠١٤.

- ابـن فضـل اللـه العمـري: شـهاب الـدين احمـد بـن يحيـى (ت ٧٤٩هـ/١٣٤٨م).التعريف بالمصطلح الشريف، تحقيق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية بيروت ١٩٨٨.

- مسالک الأبصار في ممالک الأمصار، تحقيق: كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٧١

- المسـعودي، أبـو الحسـن علـي بـن الحسـن علـي.(ت ٣٤٦هــ/ ٩٥٧م)، مـروج الـذهب و معـادن الجـوهر، تحقيـق : عفيـف نـايف حاطوم،الطبعـة الثانيـة، دار صادر، بيروت: ٢٠١٠.

- المقريـزي: تقـى الـدين أبـى العبـاس أحمـد بـن علـي بـن عبـدالقادر (ت ٨٤٥هـ/١٤٤١م).السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٧.

- مسكويه، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب. (ت ٤٢١هـ/١٠٣٠م). تجارب الأمـم و تعاقـب الهمـم، تحقيـق: سـيد كسـروي حسـن، دار الكتـب العلميـة، بيروت 2003.

- ابن النظام الحسيني، محمد بن محمد عبدالله(ت ٧٤٣هـ/١٣٤٢م). إستعراض في تاريخ السلاجقة، تحقيق: حسين امين، دار المدى، بيروت ٢٠١١.

- اليعقوبى، أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب.(ت ٢٩٢هـ/ ٩٠٥ز)، تاريخ اليعقوبي، تحقيق: عبدالأمير مهنا، الأعلمي للمطبوعات، بيروت: ٢٠١٠.

**سەرچاوە نوێیە عەرەبییەكان ( المراجع )**

- ادموندز، سى. بى (٢٠١٢)، كورد و ترک و عرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، دار أراس و منشورات الجمل، اربيل.

- إسماعيل، فرست مرعي(2005 ). الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سپيرێز، دهوک.

- أمين، حسين (١٩٦٥). تاريخ العراق في العصر السلجوقي، مطبعة الارشاد، بغداد.

- توفيـق، زرارصـديق(٢٠٠٧). القبائـل والزعامـات القبليـة الكرديـة فـي العصرالوسيط، مؤسسة موكرياني،اربيل.

- تومابوا، (٢٠١٠). الكرد، ترجمة: صلاح عرفان، مركز الدراسات الكوردية، السليمانيه.

- حسن، قادر محمد(٢٠١١). الإمارات الكوردية في العهد البويهي، مؤسسة موكرياني، اربيل.

- حسين، محسن محمد.(١٩٧٦)، أربيل في العهد الأتابكى، مطبعة أسعد، بغداد.

- الخليل. احمد محمود.(٢٠١٥). الكرد و كردستان في مصادر الأدب العربي القديم، دار موكرياني، اربيل.

- رسول، اسماعيل شكر(٢٠٠١). الأمارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، دراسة سياسية حضارية، مؤسسة موكرياني، اربيل.

- عبدالواحد، كلثومة جميل.(٢٠٠٧)، كردستان في عهد الساسانيين، مطبعة وزارة التربية، أربيل.

- النقشبندى، حسام الدين على غالب.(٢٠١٣)، أذربيجان في العصر السلجوقي، المركز الأكاديمي للأبحاث، بيروت.

- نيكيتين، باسيلى (٢٠١٢). الكرد، تقديم: لويس ماسينيون، ترجمة: نوري طالباني،ط٦، من مطبوعات الاكاديمية الكردية، اربيل.

**سەرچاوە و ژێدەرە کوردییەکان**

- ئەنگس، فریدریک(ب. س).بنەچەیی خێزان و خاوەنداریەتی تایبەت و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە  ئەڵمانیەوە: کەریم مەلا رەشید، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- بدلیسی، شەرەفخان(٢٠٠٦)شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار، چ٣، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- برونەسـن، مـارتن فـان (٢٠٠٣) ئاغـا و شـێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانـی لە ئەڵمانیەوە: کوردۆ علی، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- بۆلادیان، ئارشاک (٢٠٠٥) کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، وەرگێڕانی: جەلیل کاکە وەیس،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- ـ توفیق، زرار صدیق.(٢٠١٠)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- توفیـق، زرار صـدیق.(٢٠١٤)، کۆمەڵگـای کـوردەواری لە سـەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- خـانی، ئەحمـد. (ب.س)، مەم و زیـن، وەرگێڕانـی: هەژار، دەزگـای بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- ڕۆژبەیانی. محمد جمیل.(١٩٩٦)، مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، دار الحریة للطباعة، بەغداد.

- عبدوڵلا، کامەران عەزیز.(2012)، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- لەشکری، حەیدەر.(٢٠٠٩) وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا، وەرگێڕانـی: محەمەد تاتـانی، لە بڵاوکراوەکـانی مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی، سلێمانی.

- میـرزا، احمـد میـرزا.(٢٠١٦)، بڵاوبـووبەوەی ئیسـلام لە کوردسـتان، وەرگێڕانی: بورهان حاتەم، بڵاوکراوەی نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

- نەقشبەندی، حسام الدین علی غالب.(2008) شارەزورو لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی/ ڕنج ئەبوبەکر محەمەد، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- وەردی، علی. (٢٠١٩)، شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ تیۆری ئیبن خلدون، وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای چاپی جمال عیرفان، سلێمانی.

## ژێدەرەفارسییەکان

- کسروی، أحمد (١٣٨٥ش) شهریاران گمنام، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران.

- مینورسکی، (١٣٧٥ش) پژوهشهایی در تاریخ قفقاز، ترجمة: محسن خادم، دائرة المعارف أسلامي، تهران.

## پاشکۆ

**خارطة الامارات الكوردية في العصر العباسي**




**بۆ ئەم نەخشەیە سودمان لە ( لسترنج: بلدان الخلافه الشرقيه )وەرگرتووە**

**ملخص:**

**الجدل بين الأطراف و المركز في تاريخ الكورد**

**عصر حكم البويهين في العراق نموذجاً**

**(٣٣٤-٤٤٧ ﻫ/ ٩٤٥- ١٠٥٥م)**

الكورد كأحد القوميات المعروفة في العصور الوسطى، حتى الآن بقيت كأطراف تابعة للمركز، خاصةً من الناحية السياسية لهذا السبب ركزنا في بحثنا هذا على العقبات التى واجهت الكورد للوصول الى المركزية و تجاوز الهامشية.

يتضمن البحث تمهيد و مبحثين، خصص التمهيد لشرح مصطلح الجدل بين الأطراف و المركز في تاريخ الكورد، تحدثنا في المبحث الأول عن العوامل الداخلية التى حالت دون خروج الكرد من الهامشية و الذي تضمن كلاً من تشتت الكورد و خلافاتهم الداخلية و قبلية المجتمع الكوردي و عدم الثقة بالذات خصوصاً من الناحية السياسية.

اما المبحث الثاني فتناول قوة المركز و تأثيره على تهميش الكورد و الذي تضمن القوة العسكرية و القوة الدينية و القوة الثقافية كل هذه القوى ساهمت في إبقاء السلطة السيادية في المركز و الذي تمثل ببغداد.

**Abstract**

**The argument of edge and center in the history of Kurds During The era of Bohemians rule in Iraq as an example**

Kurds as one of the known nations, during the middle ages politically lived on the marginal events , the other enjoyed centralism in Bagdad , e.i. the other nation had the political hegemony on the kurds .

The current study comprises an introduction and two sections. The introduction is allocated to analyze the two concepts " marginal being and centralism ". The first section talks about the concept of being marginal and its factors in Kurdish society. It was said that that kurdish being marginal returns back to three factors : dispersion , tribalism , and do not trust itself. The second section completes the first one : the other nation in the area took that chance to impose its hegemony and always enjoys centralism in dealing with the current events. Furthermore , there were certain factors behind such a phenomenon in Kurdish history including military forces , religious forces , and cultural forces. All such factors have the concrete effects on the critical situation in the area.